# کرۆنۆلۆژیای کوردستان

**1918 .10.30 - دوای زایین**

دەوڵەتی عوسمانی مل بۆ ئاگربەسی مۆدرۆس شل دەکا و، ناچار دەکرێ ئەو وڵاتانەی کە لە ماوەی دەسەلات دا زەوتی کردبوون،بییان داتەوە.
خاکی ئەورۆی عیراق و باشووری کوردستان لەلایەن هێزە ئینگلیزیەکانەوە و، سوریەی ئەورۆ و باشووری رۆژئاوای کوردستانیش لە لایەن هێزە فەرانسەیەکانەوەداگیردەکرێ.
تەواوی ئاناتۆلی و باکووری کوردستان بەهۆی نەبوونی هێزی دەوڵەتی، دەکەوێتە ژێرکەش و هەوایەکی وەها ئازادەوە، کە مەڵبەندەکە تا ئەورۆژە دیموکراتی وای بە خۆیەوە نەدیبوو. ناوەندەکان و کومیتە و گروپەکان دەست دەکەنەوە بە ئورگانیزەکردنی خەڵک و ، ئەمجارە هێزەکانی خۆیان لەسەر خەڵک تەرخان دەکەن و نەک لەسەر ئاغاوات!